# سێ ملیۆن دۆلار بەو نوێنەرانە دەدرێ کە دەنگ بە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان بەغدادو واشنگتن دەدەن

حکومەتی بەغداد خۆی بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ واشنگتن ئامادە دەکات، واشنگتنیش ئەو ڕێککەوتنە بە گرنگ و پێویست دەزانێ و سەرسەختانە بۆی تێدەکۆشی و هەوڵدەدات کە بە زووترین کات ڕێککەوتنەکە مۆر بکرێ و کاری پێبکرێ. ئاوات هەڵچنین لەسەر ئەو ڕێککەوتنە هەردوو حکومەتی بەغدادو واشنگتنی شادومان کردووە، هەرچی بەغدادە پێیوایە کە بەهۆی ئەم ڕێککەوتنەوە دەستی دراوسێکان کورت دەبێتەوە، بەرپرسانی ئێستا لەلایەن واشنگتنەوە پشتیوانیان لێدەکرێ و لەسەر کورسی دەمێننەوەو فەرمانڕەوایەتی درێژە پێدەدەن. هەرچی واشنگتنیشەوە دەیەوێ بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە وەڵامی ڕەخنەو نیگەرانیەکانی خەڵکی ئەمریکا بداتەوەو خۆی بەسەرکەوتوو بناسێنێ و هێزەکانی خۆی لە عێراق کە بەکلیلی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کەنداو دادەنرێ، بۆ هەمیشە جێگیر بکات.

هەر لەپێوەند بە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان بەغدادو واشنگتن، سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژە بە نیگەرانی توێژو چینەکانی عێراق دەکەن و هەندێک لەبەرپرسانی عێراقیش مەترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە گەورە مەرجەعەکانی شیعە دژی ئەو ڕێککەوتنە ڕابوەستن و ڕێگە نەدەن ڕێککەوتنی ستراتیژی و ئاسایش بەو شێوەیەی کە باسی لێوە دەکرێ، مۆر بکرێ.

هەر سەبارەت بەو ڕێککەوتنە هەندێک چاودێری سیاسی پێیانوایە کە سەرەنجام بەوهۆیەوە سەنگەربەندی لەنێوان هێزەکانی عێراق دروست دەبێ و ململانێی نێوانیان قوڵتر دەبێتەوە، چونکە هەندێک لە سەرکردەی پارتەکانی عێراق، پێیانوایە مادام عێراق لەداگیرکاری دایەو تا ئێستا هێزەکانی ئەمریکا نا ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایەتی عێراق دەکەن، ڕێککەوتن واتایێکی نیەو بەرپرسانی ئێستای عێراق ئەو ماف و دەستەڵاتەیان نیە کە ڕێککەوتنێکی ئاوا گرنگ و چارەنووسساز لەگەڵ هێزێکی داگیرکار مۆر بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەو هەواڵەی ئاژانستی فۆکس نیوزە کە دەڵێ: 'حکومەتی ئەمریکا بڕیاری داوە سێ ملیۆن دینار بەو پەرلەمانتارانەی عێراق بدات کە دەنگ بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان بەغدادو واشنگتن دەدەن، هەرچەندە سێ ملیۆن دۆلار بۆ پەرلەمانتارانی عێراق پارەیەکی زۆرەو ژیان داهاتوویان مسۆگەر دەکات، بەڵام بۆ حکومەتی ئەمریکا زۆر ناکەوێ، بەهۆی ئەوەی کە قازانجێکی زۆر لەو ڕێککەوتنەدا دەکات و بە سەرکەوتن بۆی تەواو دەبێ'

ئەو دیدارانەی کە **ڕایان کرۆکەری** باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغداد لەگەڵ سەرکردەی لایەنەکان و پەرلەمانتارەکان و کەسانی خاوەن نفوز، بە ئاشکراو بە نهێنی ئەنجامی دەدات، هەواڵەکەی فۆکس نیوز سەر ڕاست دەکەنەوە، ئەگینا باڵیۆزی هیچ وڵاتێک ئەو مافە بە خۆی نادات



کە بەردەوام بەدوای سەرکردەی حزبەکان و نوێنەرانی پەرلەمان وڵاتی خاوەن خوێدا بگەڕێ و خواردنیان بۆ ئامادە بکات و لەگەڵیاندا قاقا پێبکەنێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا لە نێو سیاسەتی تامیکردندا جێگە دەگرێ.

پێدانی سێ ملیۆن دینار بەو پەرلەمانتارانەی عێراق کە دەنگ بۆ ڕێککەوتنەکە دەدەن، واتای ئەوەیە کە ئەمریکا بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندەکانی خۆی، خاوە و بەرتیل دەدات و پەرلەمانتارەکانی عێراقیش پێچەوانەی سوێندەکەی خۆیان دەنگ دەدەن و بەرژەوەندی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندەکانی گەل و وڵات دادەنێن، ئەمەش لەڕووی یاساییشەوە بە تاوان دەژمێردرێ و دەکرێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ.

دەنگکڕین دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵکو سەرمایەداران و دەستەڵاتدارانی زۆربەی وڵاتانی جیهان پێڕەوی لێدەکەن، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵی کڕینی دەنگدەران دەدەن، لە سەروبەندی ڕێککەوتنەکاندا خاوەو بەرتیل بەلایەنە پێوەندارەکان دەدەن، لە ساڵانی ڕابردووشدا دەیان گەورە بەرپرسی وڵاتان بەوهۆیەوە تۆمەتبارکران و هەندێکیشیان پەلکێشی بەردەم دادگە کراون. بۆیە ئەگەر هەواڵەکەی فۆکس نیوزیش ڕاست نەبێ و هەڵبەسترابێ، دیسانەوە هەوڵدانی ئەمریکا بۆ کڕینی دەنگی پەرلەمانتارانی عێراق بە فەرهەنگ و سیاسەتی ئەمریکا نامۆ نیە. مێژووی ئەمریکا پڕاوپڕە لەو جۆرە سەوداو مامەڵەو بازرگانی کردنە، تا ئێستا دەیان سەرۆک و وەزیرو گەورە بەرپرسی وڵاتان ئەو کارەیان بۆ ئەمریکا کردووە، هەندێکیان ئاشکرابوونەو هەندێکی دیکەشیان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوونەو پەردەیان لە ڕوودا هەڵنەماڵراوە.

ئێمە هەمووومان دەزانین کە بەرپرسانی ئێستای عێراق، بەتایبەتی ئەوانەی لە لووتکەی دەستەڵاتدان زۆر شێلگیرانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەمریکا کاردەکەن، پەرۆشی سۆزو پشتیوانی ئەمریکان، ئامادەن خۆیان لەگەڵ هەردوو حزبەکەی ئەمریکا، دیموکراتخوازەکان و کۆماریخوازەکان بگونجێنن، ئەوان منەتبارو قەرزاری ئەمریکان، ئەگەر ئەمریکا نەبووایە ئەوان ئەو پۆستەیان وەگیر نەدەکەوت، ئێستاش پێشیانوایە مادام ئەمریکا سەدام حوسێنی ڕووخاندووە، هەر ئەویش دەتوانێ فەرمانڕەوایانی داهاتوو دەستنیشان بکات، بەهۆی ئەو ڕوانگەیەشەوە یاری کێبەرکێی لەنێوان سەرکردەو هێزەکانی عێراقی گرەوی لەسەر دەکرێ، سەرکردەو لایەنەکان زۆر سەختگیرانە خۆیان ماندوو دەکەن و هەوڵی بردنەوەی دەدەن!

کاتێک سەرکردەکانی عێراق و بەرپرسەکان خۆیان پەرۆشی ئەو ڕێککەوتنە بن، ئیدی بە ئاسانی بەسەر پەرلەمانتاراندا دەسەپێندرێ، چونکە هەموو پەرلەمانتارانی عێراق لە ڕێگەی لیستەکانەوە ئەو پۆستەیان وەرگرتووە، زۆربەیان ئەندامانی ئەو حزبانەن کە کابینەی حکومەتیان پێکهێناوە، واتە پلەی حزبیان لە ئەندامانی سەرۆکایەتیەکان نزمترە، دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەروی خۆیان بکەن، ئەگەر سێ ملیۆن دۆلارەکەی ئەمریکاش نەبێ، هەر دەبێ دەنگی بۆ بدەن، بۆیە شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بە ئاسانی سێ ملیۆن دۆلارەکە پەسند بکرێ و حەپەلوش بکرێ. ئاکام بەدبەختی بۆ خەڵکی عێراقی شەڕلێدراودا دەمێنێتەوە، ئایا ئەوان لە پەرلەمانتاران پەسند دەکەن کە دەنگی خۆیان بفرۆشن و سوێندی خۆیان بەتاڵ بکەنەوەو هەوڵی مسۆگەرکردنی داهاتووی خۆیان بدەن؟! ئایا مێژوو لەو کەسانە دەبورێ کە دەنگی خۆیان بە پارە دەفرۆشن و پشت لە بەرژەوەندەکانی گەل و نیشتمان دەکەن؟! ئایا ویژدانی گەل ئاسوودە دەبێ کە بزانێ نوێنەرانی فێڵی لێدەکەن و پاشقوڵی لێدەگرن؟!

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

hashm_abdullahotmail.com

# سوننەکان دەیانەوێ لە دەنگداندا تۆڵەی پەڕاوێزکردنیان بکەنەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ لە زاری گەورە بەرپرسانی هێزەکانی سوننەی عێراقەوە ئاشکرایان کردووە کە ئەوان دەیانەوێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە چڕی بچنە سەر سەندوقەکانی دەنگدان و تۆڵەی پەڕاوێزخستنیان بکەنەوە.

سوننەکانی عێراق کە بەدرێژایی ٨٠ ساڵ لە لووتکەی فەرمانڕەوایەتیدا جێگەیان گرتبوو، دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق، بەتایبەتیش دوای ئەوەی زۆربەیان هەڵبژاردنەکانیان ڕەت کردەوەو بەشداریان تێدا نەکرد، ڕاستەوخۆ جڵەوی فەرمانڕەوایەتیان ڕادەستی شیعەکان کرد کە زۆرینەی خەڵکی عێراق پێکدەهێنن، ئەمەش بە زیانی بەرژەوەندەکانی سوننەکان لێکدەدرێتەوە.

بەدرێژایی چوار ساڵی ڕابردوودا گروپ و ڕێکخراوە چەکدارەکانی سوننە گورزی کاریگەریان لە حکومەتی بەغداد داوەو زیانی زۆریان بە شیعەکان گەیاندووە، بەڵام نەیانتوانیوە کورسی دەستەڵات لە دەستیان دەربێنن، ئەمەش وایکردووە کە چاو بە خۆیان دابخشێننەوەو هەوڵبدەن لە ڕێگەیەکی دیکەوە بەرەو کورسی حوکم بگەڕێنەوە، لەم بارەیەوە ئێستا زۆربەی پیاوانی ئایینی مەزهەبی سوننەو زۆرینەی سەرکردەی هێزە سیاسیەکان بەو باوەڕە گەیشتوون کە لە سەر سەندوقەکانی دەنگداندا مافی خۆیان بەدەست بێننەوەو شوێن بە شیعە لەق بکەن. هەندێک لەو سوننانە پێیانوایە کە هێزی پەنجە مۆر زۆر لە هێزی پەنجەی پەلاپیتکەتەقێن کاریگەرترەو دەبێ بۆ مسۆگەرکردنی داهاتوودا سوودی لێوەربگرن، ئەمەش بەواتای ئەوەدێ کە کێشەکان بە شەڕ یەکلایی نابنەوەو دەرفەتی وەرگرتنەوەی دەستەڵات بەرتەسک دەکاتەوە، بۆیە بەناچاری بیر لە بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکاندا دەکەنەوە.

مەلا نازم کە بەرپرسێکی باڵای سوننەکانەو باوەڕی بە شەڕی کراوە بۆ دەرکردنی هێزی ئەمریکا لە عێراق هەیە، بە هەواڵەکانی ڕاگەیاندووە کە ئەوان هەڵەیان کردووە کە ساڵی ٢٠٠٥ بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکردووە، بەوهۆیەوە دەستەڵاتی سوننە بەرتەسک بۆتەوە، کەچی ئێستا دەیانەوێ مافەکانیان بەدەست بێننەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر بەچڕی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە دەکەن.

مەلا نازم دەڵێ: سەدا هەشتای سوننەکان لەو باوەڕەدان کە شەڕی پەنجەمۆر کاریگەری زیاتری لە شەڕی چەکداری و قازیفە تەقاندن دا هەیە، بۆیە دەبێ ئەمجارەیان هەڵەنەکەین و بە چڕی بەرەو سەندوقەکانی دەنگدان بڕۆین.

زۆربەی سەرکردە سوننەکان گرنگی شەڕی پەنجەمۆر لەوە دەبیننەوە کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی دەرپەڕاندنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. هەندێک لە سەرکردە چەکدارەکانی سوننە پێیانوایە وێڕای ئەوەی کە گورزیان لە هێزەکانی ئەمریکا داوە، بەڵام بە هۆی شەڕیشەوە بیانۆیان داوەتە دەست ئەمریکا تا شوێن پێی خۆی لەناو خاکی عێراقدا بەهێزتر بکات و لەژێر پاساوی شەڕی تیرۆردا پشتیوانی نێودەوڵەتی و هەرێمیش مسۆگەر بکات، بەڵام ئەگەر سوننەکان لە شەڕی دەنگداندا بیبەنەوەو جڵەوی فەرمانڕەوایتی وەربگرنەوە، ئیدی هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمریکا مۆر ناکەن، لە ڕێگەی پەرلەمانیشەوە بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی بیانی لە نیشتمانەکەیان دەدەن، هەروەها دەتوانن ڕای گشتی بخرۆشێنن و خەڵک بڕژێننە سەر شەقامەکان، بەوهۆیەشەوە پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانیش بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی ئەمریکا مسۆگەر بکەن.

سەبارەت بە شەڕی دەنگدان، بەرپرسێکی سوننە پێیوایە ئەگەر لە دەنگدانیشدا بیبەنەوەو کورسی دەستەڵات لە شیعەی هاوپەیمانی ئەمریکا بسێننەوە، دیسانەوە دەرکردنی ئەمریکا لە عێراق ئاسان نیە، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران گوشارەکانی چڕتر دەکاتەوەو شیعەکانمان لێ هان دەدات، ئەو کاتە ئەمریکاو ئێران لەسەر پشتیوانیکردنی شیعە ڕێکدەکەون و شەڕێکی کراوە دژ بە سوننە بەرپادەکەن، کەسیش نازانێ ئاکامەکەی بەچی دەگات!

**سەمیر شێخانی**

# دەویستری ماددەی ١٤٠ لەبیر بچێتەوە!

جاران سەرکردەکانی حزبە کوردستانیەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بەشداریان لە داشتنی دەستووری عێراق دا کردبوو، لەژێر پاساوی ئەوەی کە سەرجەم داخوازیەکانی نەتەوەی کورد لە دەستووری پێشنیارکراو چەسپێندراوە!!، خەڵکی کوردستانیان ڕەوانەی سەر سەندوقەکانی دەنگدان کردبوو، شانازیان بە ماددەی ١٤٠ەوە دەکردو وەک منەتیش بە خەڵکیان دەفرۆشتەوە، بەردەوامیش گرەویان لەسەر جێبەجێکردنی دەکردەوەو ویستی خۆیان بۆ دوانەخستنی دووپات دەکردەوە، ئەوێ ڕۆژێ کە ئێمە نیگەرانی خۆمان دیار دەکردو لە جێبەجێکردنی گومانمان هەبوو، زۆرێک لە بەناو سیاسیەکان دەیانگوت:' سەرکردایەتی گەرەنتی لە ئەمریکا وەرگرتووەو دڵنیایە کە ماددەی ١٤٠ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ' دواتر کە ڕۆژ دوای ڕۆژ تراویلکەکانی ماددەی ١٤٠ وەدیار کەوتن، ئێمە پەرۆشی خۆمان پێشانداو ڕامانگەیاند کە یاری چاوشارکێ و خاپاندنی کوردستانیان بەڕێوەدەچێ و ماددەی ١٤٠ جێبەجێ ناکرێ و دەبێ کورد دەستوبرد بکات و هەنگاوی کردەیی و خۆپارێزی هەڵبگرێتەوە، دیسانەوە ئەو بەناو سیاسیانە گاڵتەیان بەو بۆچوونەمان دەهات و پێیاندەگوتین ' سیاسەتی سەرکردایەتی حیکمەتی تێدایە، سازش ناکرێ و کەرکوک لە گیرفان دایە' بەوهۆیەشەوە یاریەکە درێژو درێژتر دەکرایەوە، بەڵام ئێستا هەموو گومان و لێکدانەوەکانی ئێمە خۆیا بوونەو سەرکردەکانیش نەرمی دەنوێنن و ئامادەیی خۆیان پێشان دەدەن و لە لێدوانەکانیاندا دەڵێن: 'مەرج نیە چارەنووسی کەرکوک لە ڕێگەی ماددەی ١٤٠ەوە یەکلایی بکرێتەوە' ئەمەش واتای ئەوەیە کە سەرکردایەتی لەبنبەستدا گیری خواردووەو دڵنیابووە کە ماددەکە جێبەجێ ناکرێ. لەهەمووی سەیرتر ئامادەیی پێشاندانە کە شارەکە بە هاوبەشی لەگەڵ عەرەبدا بەڕێوەببرێ!! ئەمەش لێدانەوەی ئەو قەوانەیە کە حزبی بەعس لە لووتکەی دەستەڵاتدا پێشنیاری دەکردو دەیژەنی، بەڵام سەرکردایەتی ئەو کاتەی شۆڕشی کوردستان ڕەتی دەکردەوە.

ئێستا دوای کۆتایی هاتنی سیناریۆی درێژکردنەوەی ماوەی ماددەی ١٤٠، دوای شانۆگەری ڕەوانەکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ دادگەی فیدراڵی، دوای فیلمی سپاردنی پەروەندەی کەرکوک بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیدی بە هەناسەبڕێوە دەویسترێ یاری خاپاندنی خەڵک درێژ بکرێتەوە، سەرەنجام نۆرەی ئەوە دێ کە بەخشکەیی ماددەی ١٤٠ بە فەرامۆشی بسپێردرێ و لەبیر خەڵکی بچوێندرێتەوەو شوێنەواریشی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی حزبەکاندا نەمێنێ!

ئەوانەی ئێستا دەیانەوێ ماددەی ١٤٠ لەبیر خەڵک بچێتەوەو بە خشکەیی خۆیان لە ماددەکە بێبەری بکەن، واتای ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا باوەڕیان بە کوردستانیبوونی کەرکوک نەبووە، سیاسەتی بەعەرەبکردنیشیان پەسند کردووە، بۆیە ئێستا بە دوای پێچاوپێچ دا دەگەڕێن و دەیانەوێ کەرکوک وەکو عێراقێکی بچکۆلە بناسرێ، بەوهۆیەشەوە چاویان لە ڕێگەچارەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیوە، لە کاتێکدا چۆن دەیانزانی کە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ ناکرێ، چۆن دەیانزانی کە پەرلەمانی کوردستان دەستەڵاتی درێژکردنەوەی ماوەی ماددەی ١٤٠ی نیە، چۆن دەیانزانی کە ئەگەر ماددەکە ڕەوانەی دادگەی فیدراڵی بکرێ( کە بوونی نیە) ئێستاش دەزانن کە بەڕێوەبردنی هاوبەش هیچ واتایێکی نیە، جگە لە ناکامی هیچ بەرهەمێکی بۆ کوردستانی بوونی کەرکوک تێدا نیە.

بێگومان ئەوانەی کە دەیانەوێ ماددەی ١٤٠ لەبیر خەڵک بچێتەوە، مەبەستیانە کەرکوک لە دڵ و دەروون و ویژدانی کوردستانیاندا بێننە دەرێ، گەرەکیانە بە قەرەبووکردنەوە کێشەکە لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە.

هەڵبەت هەر کەس و لایەنێک ئەگەر سازش لەسەر کەرکوک بکات و گومان لە ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوک پێشان بدات و ڕاستگۆیانە پێ لەسەر گێڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دانەگرێ، لەبەرانبەر نەوەکانی داهاتوو بەرپرسیار دەبێ، مێژوو دادگەیی دەکات و بەزەیی پێدا نایەتەوە.

لەم سەکۆیەوە زۆر دڵسۆزانە و ڕاستوێژانە داوا لە کوردستانیان بە گشتی و کەرکوکیەکان بە تایبەتی دەکەین کە ڕێگە نەدەن ئیدی گاڵتە بە ویست و ئیرادەیان بکرێ و کەرکوک فەرامۆش بکرێ و ڕەوایەتی بە دزینی ئەو شارە بدرێ، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی 'ماف دەسەندرێ و نادرێ'

**ڕۆژی گەل**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com